# عەبدولقادر ساڵح عەبدول

ناوی (قادر ساڵح عەبدول)ە، نازناوی نووسینی: (عەبدولقادر ساڵح عەبدول)ە، ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی (مەلا وەیسە)ی بناری چیای سورێنی سەر بە ناحیەی خورماڵی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید لەدایکبووە.

لە ساڵی ١٩٧٨ بە هۆی سیاسەتی ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکانەوە کە لەو کاتەدا لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە پەیڕەودەکرا، گوندەکەیان ڕاگوێزراوە لە ئۆردوگای زۆرەملێی شانەدەری و لەویێ نیشتەجێبون و لە ساڵی ١٩٨٠ دا دەخرێتە بەر خوێندن، لە ساڵی ١٩٨٤ و بە هۆی تۆپبارانی ئۆردوگاکەوە جارێکی کە دەگوازنەوە بۆ شارۆچکەی سەیدسادق و لە ساڵی ١٩٨٦ خوێندنی سەرەتایی تەواودەکات.

دواتر بەهۆی هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر شاری هەڵەبجە لە مانگی سێی ١٩٨٨ دا جارێکی دیکە ماڵیان دەگوازرێتەوە بۆ ئۆردوگای سەرکەوتن–نەسر– و پاش ساڵێك دەگوازنەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی برایەتی و خوێندنی ناوەندی تەواودەکات.

دواتر لە ئامادەیی نەخۆشەوانی سلێمانی وەردەگیرێت و لە ساڵی ١٩٩٣ بە پلەی سێیەم تەواویدەکات و لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەشی پەرستاری وەردەگیرێت، ساڵی ١٩٩٥ پەیمانگا تەواودەکات.

لە ساڵی ٢٠٠٠ وەك کارمەندی تەندروستی لە بنکەی تەندروستی گوندی (نەویێ)ی بناری سورێن دادەمەزرێت و دواتر ڕاژەکەی دەگوازرێتەوە بۆ بنکەی تەندروستی گوندی ریشێن، لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕاژەکەی دەگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزوور.

لە ساڵی ٢٠١٢ ڕاژەکەی دەگوێزێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕاژەکەی دەگوێزێتەوە بۆ دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان.

لەبەر ئەوەی کە ئارەزووی لە پیشە و بوارەکەی خۆی نەبووە، بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٣ تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی وێژەیی بەشێوەی دەرەکی دەکات و لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی بۆ خوێندنی ساڵی ٢٠٠٤–٢٠٠٥ وەردەگیرێت و ساڵی ٢٠٠٨ تەخەروج دەکات.

ساڵی ٢٠١٦ دبلۆمی باڵا بەدەست دەهێنێت لە بواری یاسای گشتی–یاسای کارگێڕی–.

بەشداری چەندین کۆڕ و سیمینار و بەرنامەی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و جیهانی کردووە بۆ تاوتوێکردن و گفتوگۆکردنی بابەتە سیاسی و یاساییەکان.

## چالاکییە ڕۆژنامەگەرییەکانی:

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٣ یەکەم بابەتی لە گۆڤاری قەیامی ڕاستی بڵاوکراوەتەوە، لە گۆڤار و ڕۆژنامە جیاوازەکانی کوردستاندا زیاتر لە ٧٠٠ بابەتی سیاسی و ڕۆشنبیری و مێژوویی و ڕاپۆرتی بڵاوکردووەتەوە.

ئەندامی کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە لە ساڵی ٢٠٠١ و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بووە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ وە بووەتە ئەندامی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان و لەو کاتەوە خۆی یەکلا کردووەتەوە بۆ نووسین و توێژینەوە لە بواری یاساییدا و تا ئێستا بەردەوامە.

## بەرهەمەکانی:

### أ- بەرهەمە چاپکراوە مێژوویی و سیاسیەکانی:

١. **شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق**[١].
٢. **فەرهەنگی سیاسی سەبا**[٢].
٣. **لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق لە فەیسەڵی یەکەم بۆ تاڵەبانی**[٣].
٤. **پیلان گێڕانەوەی بەشێك لە مێژووی بەعس و چیرۆکە نهێنییەکانی ژیانی سەدام ١٩٦-١٩٧٨**[٤].
٥. بەکوردیکردنی: (**نظرات إیمانیة**)، نووسینی: حیسام حومیدە، بە ناونیشانی: (**چەمکە پەروەردەییەکانی بانگەواز**)[٥].
٦. بەکوردیکردنی: (**الإسلام کبدیل**)، نووسینی: موراد هۆفمان، بە ناونیشانی: (**ئیسلام وەك ئەڵتەناتیڤ**)[٦].
٧. **هەواڵی ڕۆژنامەنووسی**[٧].

---

[١] چاپی یەکەم: ٢٥٢ لاپەڕە، کارۆ، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٥.
[٢] چاپی یەکەم: ٢٥٢ لاپەڕە، نووسەر، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٨.
[٣] چاپی یەکەم: ٨٩ لاپەڕە، پەیڤ، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٩.
[٤] چاپی یەکەم: ٢٢١ لاپەڕە، شڤان، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٩.
[٥] چاپی یەکەم: ٢٤٦ لاپەڕە، ئارابخا، سلێمانی/عێراق ٢٠١٢.
[٦] چاپی یەکەم: ٢٥٨ لاپەڕە، سارا، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.
[٧] چاپی یەکەم: ٨٥ لاپەڕە، سارا، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.

**ب- بەرهەمە چاپکراوەکانی لە بواری یاسادا:**

**یەکەم: دانراوە یاساییەکانی بە زمانی کوردی.**

1. **لێکۆڵینەوەی کارگێڕی**[8].
2. **شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو**[9].
3. **یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ و لەگەڵ یاسا و بڕیارە هاوپێوەند و بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان**[10].
4. **بیبلۆگرافیای یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٧/١٥ تا ٢٠١٤/١٢/٣١**[11].
5. **ڕووماڵی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە هەواڵی تاوانکاری، ڕووداوەکان، دادگاکان**[12].
6. **بڕیارە کارگێڕییەکان لە فیقه و قەزای عێراقی و هەرێمی کوردستاندا**[13].
7. **شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکرا**[14].
8. **یاسا گرنگەکانی وەزیفەی گشتی**[15].
9. **ڕێگاکانی کۆتایی هاتنی پەیوەندی فەرمانبەرێتی**[16].
10. **یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو و یاسا هاوپێوەندەکانی لە هەرێم و بژاردەیەك لە بنەما یاساییەکانی قەزای کارگێڕیی**[17].
11. **شرۆڤەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حوکومییەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧**[18].

---

[8] چاپی یەکەم: ١٦٥ لاپەڕە، شڤان، سلێمانی/عێراق ٢٠١٤.

[9] چاپی یەکەم: ٢٠١٥. چاپی سێیەم: ٢٢٦ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.

[10] چاپی یەکەم: ٢٠١٤. چاپی دووەم: ٢٩٢ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

[11] چاپی یەکەم: ١١٩ لاپەڕە، شڤان، سلێمانی/عێراق ٢٠١٥.

[12] چاپی یەکەم: ٩٩ لاپەڕە، یاد، سلێمانی/عێراق ٢٠١٦.

[13] چاپی یەکەم: ٢٠١٧. چاپی دووەم: ١٥٠ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

[14] چاپی یەکەم: ١٨٤ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

[15] چاپی یەکەم: ٢٥٦ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

[16] چاپی یەکەم: ٢٢٣ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.

[17] چاپی یەکەم: ٢٠١ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

[18] چاپی یەکەم: ٩١ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

١٢. **دەربارەی وەزیفەی گشتی**[١٩].

١٣. **خانەنشینی و حوکمە گشتییەکانی خانەنشینبوون**[٢٠].

١٤. **کلیلی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/١٥ بۆ ٢٠١٩/١٢/٣١**[٢١].

١٥. **شرۆڤەی یاسای لەئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠٢٠**[٢٢].

١٦. **دەقی بنەما یاساییەکان لە بڕیارە دادوەرییەکان و فەتواکانی ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراقی و ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان**[٢٣].

## دووەم: دانراوە یاساییەکانی بە زمانی عەرەبی.

- **دعوى الإلغاء أمام هيئة انضباط الإقليم ( قضاء الموظفين )**[٢٤].
- **مختارات من المبادىء القانونية في قرارات محكمة الإدارية العليا و فتاوى مجلس شورى الدولة لسنوات ٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥**[٢٥].
- **القرارات الإدارية الضمنية و اهم تطبيقاتها في مجال الوظيفة العامة**[٢٦].
- **القرارات الإدارية السلبية في مجال الوظيفة العامة**[٢٧].
- **القرارات الإدارية المعدومة**[٢٨].

---

[١٩] چاپی یەکەم: لە چوار کتێبدا چاپکراوە:

کتێبی یەکەم: ١٦٢ لاپەڕە، یاد، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.

کتێبی دووەم: ١٤٥ لاپەڕە، یاد، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

کتێبی سێیەم: ١٤٢ لاپەڕە، یاد، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

کتێبی چوارەم: ١٤٤ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.

[٢٠] چاپی یەکەم: ١٩١ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.

[٢١] چاپی یەکەم: ١٨٢ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.

[٢٢] چاپی یەکەم: ٢٠٨ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠٢١.

[٢٣] چاپی یەکەم: ٥٥٠ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠٢١.

[٢٤] چاپی یەکەم: ١٩٠ لاپەڕە، یاد، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

[٢٥] چاپی یەکەم: ١٩٨ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.

[٢٦] چاپی یەکەم: ٦٤ لاپەڕە، یاد، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.

[٢٧] چاپی یەکەم: ١٢٣ لاپەڕە، یاد، سلێمانی/عێراق ٢٠١٩.

[٢٨] چاپی یەکەم: ٨٥ لاپەڕە، یاد، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.

## سێیەم: وەرگێڕانەکان.

- بەکوردیکردنی: ( أصول علم الإجرام )، نووسینی: د. محەمەد شەلال حەبیب، بە ناونیشانی: ( بنەماکانی تاوانناسی )[29].
- بەکوردیکردنی: ( المبادئ العامه فی القانون الإداری )، نووسینی: د. دانا عەبدولکەریم و د. زانا حەمە ڕەئوف، بە ناونیشانی: ( بنەما گشتییەکان لە یاسای کارگێڕیدا -کتێبی یەکەم- )[30].
- بەکوردیکردنی: ( المبادئ العامه فی القانون الإداری )، نووسینی: د. دانا عەبدولکەریم و د. زانا حەمە ڕەئوف ، بە ناونیشانی: ( بنەما گشتییەکان لە یاسای کارگێڕیدا -کتێبی دووەم- )[31].
- بەکوردیکردنی: ( أصول القانون )، نووسینی: د. سەعید عەبدولکەریم موبارەك، بە ناونیشانی: ( بنچینەکانی یاسا )[32].
- بەکوردیکردنی: ( القانون الإداري )، نووسینی: د. دانا عەبدولکەریم و د. زانا حەمە ڕئوف، د. مازن لیلۆ، بە ناونیشانی: ( قەزای کارگێڕی )[33].
- بەکوردیکردنی: ( دستور العراق )، بە ناونیشانی: ( دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ )[34].

### ت- ئەو بەرهەمانەی کە ئامادەی چاپ و بەردەوامە لە تەواوکردنیان:

- شافەرهەنگی ئاسان. ( دوو بەرگ، بەقەبارەی ١٢٠٠ لاپەڕە، وەرگێڕان )
- دەوڵەتی ئەمەوی لە دامەزراندن بۆ هەرەسهێنان. ( وەرگێڕان )
- ڕۆشنبیری ئیسلامی. ( وەرگێڕان )
- لاوان گرفتەکان چارەسەرەکان. ( وەرگێڕان )
- یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان. ( لەژێر چاپدایە )

**سەرچاوە:**

**چاوپێکەوتن لەگەڵ ناسێنراو "عەبدولقادر ساڵح عەبدول" لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی فەرمانبەران لە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژی چوار شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٦ کاتژمێر سێی عەسر.**

**ئامادەکردن: احسان ابراهیم بەڵخەیی**

[29] چاپی یەکەم: ٢٣٢ لاپەڕە، کارۆ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٦.
[30] چاپی یەکەم: ٢٧٤ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.
[31] چاپی یەکەم: ٢٣٢ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.
[32] چاپی یەکەم: ٣٦٤ لاپەڕە، کارۆ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.
[33] چاپی یەکەم: ٤٠٥ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.
[34] چاپی یەکەم: ١٣١ لاپەڕە، یادگار، سلێمانی/عێراق ٢٠١٤.